# بنچینەیاسای ئێراق: بوونی ئیسلام بەرامبەر دیموکراسی و بانگاشەی گەردونبوونی

**شاخەوان شۆڕش**

بنچینەیاسای هەمیشەیی ئێراقی ڕۆڵێکی بنچینەیی داوەتە ئایینی ئیسلام و بەمشێوەیە ئایین و ستات لەیەکتر جیاکراوەنین. بیرۆکەی بنچینەیی بنچینەیاسای نوێی ئێراقی ئەوەبووە کەوا ڕێکەوتنێکی هەمەلایەنە لەنێوان گروپە بەرژەوەند جیاوازەکانی ناو ئێراق بەدی بهێنرێت (وەکو ئەوەی ئەمەریکا و هەوادارانی بانگاشەی بۆ دەکەن). دیارە لایەنێکی سیکولار (بەهەموو جۆرەکانیەوە) و لیبرال دیموکرات لەناو پرۆسەکەدا هەبوون و ئەمەریکا وەکو لایەنگری ئەو ڕەوتە خۆی پیشان داوە. بەڵام ڕێکەوتنەکە کە لە بنچینەیاساکە گوزارشت کراوە, ئەنجامێکە زۆر بەدڵی لایەنی سیکولار, لیبرال و دیموکراسیخوازەکانی ناو ئێراق نییە. واپێدەچێت کێشەی لێکدانەوەی یاساکان نەکرێ بەلاوەبنرێت, لە کاتێکدا دوو جۆرە لێکدانەوەی گشتگری سنوربەزێن لەوێدا هەن. ئەو دوو لێکدانەوەیە وەکو دوو جەمسەری بەرامبەر بەیەک لەوێدا هەن و هەریەکەیان بانگاشەی گەردونبوونی خۆی دەکات.

دەکرێ بپرسین هۆی ئەوە چییە کە وایکردووە ئیسلام و پرەنسیپەکانی وەکو چاودێر و جەمسەری بەرامبەر, بەرامبەر بە پرەنسیپە دیموکراسی و مۆدێرنەکان بسەپێندرێن؟ دەکرێ گەلێ هۆکار بۆ ئەو دیاردەیە هەبن, دەکرێ بڵێین هۆکارەکانی پێدانی ئەو ڕۆڵە بنچینەییەی ئیسلام بەئەگەری زۆر دەگەڕێتەوە بۆ لەوانە: یەکەم: ئیسلامیستەکان سوڕن لەسەر بوونی یاسای شەریعە وەکو یاسای بێهاوتا و ڕەوا. دووەم: ئیسلامیستەکان سوڕن لەسەر بوونی پرەنسیپی گەردونیی ئیسلام, بەمجۆرە ڕەوایەتی ئەو پرەنسیپانە و هەروەها ڕەواتربوونی لەهەر لێکدانەوەیەکی دیکە لە وڵاتێکی موسوڵماندا. سێیەم: دڕدۆنگی و بێمتمانەیی بەرامبەر بە ڕۆژئاوا لە زۆر ڕوانگەی جیاوازەوە, لەلایەن کۆمەڵگەی عارەبی و ئیسلامیەوە. لە خوارەوە بە کورتی هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەو سێ هۆکارە دەدەم.

## شەریعە وەکو دەستەیاسایەکی ڕەوا

خۆتێکەڵکردنی ئایینی ئیسلام لە دەسەلاتدا دیاردەیەکی زۆر کۆنە هەروەکو نوسەر و لێکۆڵەر بەرنارد لویس ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێ, "هەر لە سەرەتاوە ئیسلام لە یەک کاتدا پەرستگا, ئایین, دەسەڵات و ستات بووە. بەمجۆرە محەمەد بە تەنیا پێغەمبەر نەبووە, ئەو لەهەمان کاتدا میریش بووە[i].

ئیسلامیستێکی لیبرالی وەکو عەبدولکەریم سروش بڕوای بەوە هەیە کەوا لێکدانەوە و گونجاندنی نوێی مۆدێرن و دیموکراسیانە بۆ نۆرم و یاسا ئیسلامیەکان بکرێت. ئەو نایەوێت ئیسلام وەکو ئایدۆلۆژیا سەیر بکات و بەکاری بێنێت, چونکە دەکرێ تۆتالیتاری بێنێتەدی, بەڵام ئەو لەگەڵ ئەوەشدا دەیەوێت شەریعە وەکو بنچینەیەک بۆ یاسادانانی مۆدێرن بەکار بهێنێت[ii]. ئیسلامیستی لیبرالی سودانی (ئەلنەعیم) پێیوایە کەوا نابێت تێکستە ئیسلامیەکان دابەش بکاتە سەر کۆن و نەمر, واتە بگوترێت هەندێکیان کۆنن, بەڵام هەندێکیان هەمووکات بەکارن و کۆن نابن[iii]. بەڵام ئیسلامیستی ڕیفۆرمیستیش هەن وەکو (عەبدولریزق) کە پێیوایە ئیسلام سیستەمەکی ڕامیاری نییە, بەڵکو ئایینە, بۆیە نابێت تێکەڵی پۆلیتیک بکرێت[iv]. بەو شێویە دەکرێ بڵێین ئیسلامیستە لیبرالەکان تەواو تەبا نین لەسەر پێناسە و ستاتوسی شەریعە. وەکو دیارە هەندێکیان دەیانەوێ شەریعە لە یاسادانانەدا گرنگی پێ بدرێت بەمجۆرە نایانەوێ ڕۆڵی شەریعە بەلاوە بنێن. هەندێکیان دەیانەوێ ئیسلام وەکو ئایین سەیر بکرت و تێکەڵی پۆلیتیک نەکرێت.

محەمەد سەلیم حەوا کە بە ئیسلامیتێکی ئەهوەن ناسراوە, جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا دامەزراندنی ستاتێکی ئیسلامی داخوازیی ملیۆنەها موسوڵمانی جیهانە. ستات و ئایین یەک یەکەن و دەبێ دامەزراوەکانی میری لەسەر بەها رامیاریە ئیسلامیەکان بنچینە بگرێت[v].

ئیسلامیستێکی مامۆستا لە زانکۆی تاران بەناوی عەلی شەریعەتی بەچاوی ڕەخنە دەڕوانێتە ئیسلام و بڕوای بە گۆڕانی ڕادیکالانە سەبارەت بە پرۆگرامی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لە ستاتێکی ئیسلامیدا هەیە, بەڵام ئەو بڕوای تەواوی بەوە هەیە, کەوا ئایین و پۆلیتیک لە بۆتەی یەکتردا بتوێنەوە[vi].

خومەینی کە ستاتێکی ئیسلامیستی دامەزراند, بڕوای تەواوی بەوە هەبوو, کەوا ئایین پێویستی بە تێکەڵکردنی پۆلیتیک هەیە. ئەو کاری بۆ جێبەجێکردن و پڕاکتیزەکردنی شەریعەی ئیسلام لە هەموو کنوکەلەبەرێکی ژیاندا, دەکرد. بەڵام ئەو پێیوابوو, دەبێ دەزگایەکی یاسایی ئیسلامی (ویلایەتی فیق) وڵات بەڕێوە ببات[vii].

ئیسلامیستێکی توندڕەوی وەکو سەید قوتب, پێیوایە کەوا بەها گیانی و مەتریالەکان تێکەڵی هەمیشەیی یەکترن و ناتوانرێ لەیەکتر جیابکرێنەوە.  ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە, کەوا یاسا و سیستەمی ئیسلامی لەگەڵ یاسا و سیستەمی ڕۆژئاوایی یەک نین و ناتوانرێ یەک بخرێن. هەر هەوڵێکیش بۆ ئەو مەبەستە کەمنرخکردن و نزمکردنەوەی ئیسلامە. ئەو زیاتر دەڕوا و پێیوایە, تاکە سیستەمی ڕاستی بەڕێوەبردن و ڕەوایەتی کۆمەڵایەتی ئەوەی سەردەمی پێغەمبەر بوو, بۆیە دەبێ ئەو سیستەمە دووبارە دابمەزرێندرێتەوە[viii].

بەکورتی دەتوانین بڵێین کەوا پشتگیریەکی بەهێزی بیرۆکەی تێکەڵکردنی ستات و ئایین لەناو هەموو ئیسلامیستەکاندا هەیە و تەنانەت گەلێ لە ئیسلامیستە لیبرالەکان پشتگیری گرنگیدان بە یاساکانی شەریعە لە پرۆسەی یاسادانانیاندا دەکەن.

## پرەنسیپە گەردونیەکانی ئیسلام

ئەگەر سەیری تێڕوانینی ئیسلامیستەکان و ڕێکخراوە ئیسلامیە نێونەتەوەییەکان بەگشتی سەبارەت بە گەردونبوونی پرەنسیپەکانی ئیسلام بکەین, سەیر دەکەین:

ئیسلامیستە ڕادیکالەکانی وەکو قوتب, خومەینی, مەودودی و حەسەن بەنا هیچ گومانیان لە گەردونبوونی پرەنسیپەکانی ئیسلام لە جیهاندا نییە. ئەوان پێیانوایە پرەنسیپەکانی ئیسلام بۆ هەموو ناوچە و شوێنێک ڕەواترین پرەنسیپن.

خومەینی توانی ستاتێکی ئیسلامی پێکبهێنێت, ئەو بڕوای بە ڕەوایەتی گەردونیانەی پرەنسیپەکانی ئیسلام هەبوو, بۆیەش هەوڵیدا شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی دیکەش بنێرێت. ئایەتوڵاکانی دوای ئەو ئەو ڕەوتەیان گۆڕی و پیادەی ستراتیژێکی دیکەیان کرد, لەکاتێکدا بەهەمان شێوەی پێشوو بڕوایان بە گەردونیی ئیسلام هەیە.

حەسەن بەنا وەکو قوتب و مەودودی بڕوای بە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی گەردونی ئیسلامی لە جیهاندا هەبوو. کۆمەڵگەی ئایدیال بۆ ئەوان, دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سەرتاسەری ئومەی ئیسلامی لەژێر بەڕێوەبەرایەتی خەلیفەدا بوو[ix].

ئیسلامیستە ئیسێنشیالیستەکان واتە ناوکڕەوتەکان (لەوانە تەشخیری) لەلایەنی خۆیانەوە هەوڵ دەدەن, ڕەوایەتی و گونجاوی گەردونبوونی پرەنسیپەکانی ئیسلام بسەلمێنن و پیشانی بدەن. لەو ڕوانگەیەوە پێیانوایە مافەکانی مرۆڤ لە بنچینەدا لە ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرێت و لە ئیسلامەوە هاتوون.

لە ساڵی 1981 دا کۆنسولی ئیسلامی ئەوروپا بەیاننامەی مافی مرۆڤی گەردونی ئیسلامی ڕاگەیاند و بانگاشەی ئەوەی کرد, سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ ئیسلام کۆدی ئایدیال و گرنگی بە مرۆڤایەتی بەخشیووە[x]. ڕێکخراوی دیکەی ئیسلامی هەولی هەمان شتیان داوە و ویستویانە ڕەوایەتی و بەکاری گەردونبوونی مافی مرۆڤی ئیسلامیانە بسەلمێنن. دیارە ئەوەش جودایە لەوەی کە لە ڕێکەوتنامەی مافە گەردونیەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتووە.

لە ساڵی 1990 دا ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی OIC بەیاننامەی "قاهیرە سەبارەت بە ئیسلام و مافەکانی مرۆڤ" ڕاگەیاند و تێیدا لێکدانەوە و تێگەیشتنی ئیسلامیانەی خۆی بۆ مافەکانی مرۆڤ وەکو ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو بۆ مافەگەردونیەکانی ڕێکەوتننامەکەی UN خستەڕوو[xi].

زۆر ئیسلامیستی لیبرالیست (لەوانە سروش و عەشماوی) کێشەیان لەگەڵ پەسندکردنی مافەگەردونیەکانی UN دا هەیە و

پێیانوانیە ئەو مافانەی لەوێدا ڕاگەیاندراون تاکە پرەنسیپی ڕەوای گەردونی نین. ئەوانە بەشێوەیەک لە شێوەکان هەوڵ دەدەن گرنگی بەها گەردونیە ئیسلامیەکان پیشان بدەن و هارمۆنیزەی ئەو دووانە بکەن, واتە وابکەن ئەو دوو لێکدانەوەیە لەگەڵ یەکتردا بگونجێنن.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو کورتە ڕوونکردنەوەیەدا دەکرێ بڵێین, کەوا بەگشتی ئیسلامیستەکان بڕوایان بە ڕەوایەتی و کارپێکردنی گەردونیانەی پرەنسیپەکانی ئیسلام هەیە. ئەوەش ڕەگەکەی بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام دەگەڕێتەوە. لێکۆڵەری بواری ئیسلام ئەنتۆنی بلاک پێیوایە, "محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام نەک بەتەنها ناسیۆنی عارەبی دروستکرد, بەڵکو کۆمەڵگەیەکی نێونەتەوەیی کە بنچینە لەسەر شەریعەدا دەگرێت, دروستکرد. محەمەد و ئەوانەی دوای ئەو, توانیان کۆمەڵگەیەک کە هەم سنوری خێڵ هەم سنوری نەتەوە دەبەزێنێت, دروست بکەن[xii].

## دڕدۆنگی و بێبڕوایی بەرامبەر بە ڕۆژئاوا لە گەلێ لایەندا

بەهۆی بوونی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا و زاڵیی ئەوان لە ناوچەی بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە وڵاتانی ئیسلامیدا بەگشتی وایکردووە خەڵک بەچاوی ڕەخنە یا دوژمنایەتی سەیری ڕۆژئاوا بکەن و هەڵوێستی بەتایبەتی دژەئەمەریکاییانە زۆر بێت. ئەو جۆرە هەڵوێستە دژەڕۆژئاواییانە لەلایەن دەسەڵاتداران, لێکۆڵەران و نوسەران, چەپوڕاستی سیکولاریستەکان و ئیسلامیستەکان لە ڕیفۆرمیستەکانەوە تا ڕادیکالەکان بەدی دەکرێت.  واتە دژایەتی و ڕەخنەکە هەر بەتەنها لەلایەن ئیسلامیستەکانەوە نییە, بەڵکو لایەنە سیکولاریستەکەش دەگرێتەوە.
ئیسلامیستە ڕادیکالەکان بۆنمونە قوتب, بەنا, خومەینی بەهیچ شێوەیەک پەسندی گونجاندن یا لاساییکردنەوەی سیستەمی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوا ناکەن و دژی هەر جۆرە هەوڵێکی لەو شێوەیەن.
یوسف قەرەداوی (ئیسلامیستێکی گوایە ئەهوەنە) دژی چارەسەر یا مۆدێلی ڕامیاری ڕۆژئاواییانەیە. ئەو پێیوایە ئەو جۆرە چارەسەرانە مۆدێلی هێنراون و دەبێ چارەسەر و مۆدێلی ئیسلامی شوێنیان بگرێتەوە[xiii].
شەریعەتی هەڵوێستی دژانەی بەرامبەر بە کەلتوری ڕۆژئاوایی هەیە. زۆر دڕدۆنگە بەرامبەر گونجاندن یا هێنانی مۆدێل و چارەسەری ڕۆژئاوایی[xiv].
مەحەمەد حەمدی لە وتاری "سنورداری مۆدیلی ڕۆژئاوایی", ڕۆژئاوا بە لەخۆبایی تاوانبار دەکات. پێیوایە دیالۆگ لە نێوان کەلتورەکاندا هیچ شانسێکی نابێت, تاکو ڕۆژئاوا خۆی بە پارێزەری مۆرالی جیهان بزانێت. هەروەها پێیوایە سیکولاریزم لە وڵاتانی ئیسلامیدا جۆرێکی نوێی چەوساندنەوەیە لەلایەن کۆلۆنیالیستە کۆنەکانەوە[xv].
تەلال ئەسەد ئەویش ڕەخنە دەگرێت و ڕۆژئاوا وەکو ئیمپریالیزمی کەلتوری و ناوکنیگای کەلتوری تاوانبار دەکات[xvi].
دیارە موسوڵمانان هەموو ڕەتی مۆدێل و چارەسەری ڕۆژئاوایی ناکەنەوە, بۆنمونە لەیس کوبە لە وتاری "دانپێنانی پلورالیزم" داوای جیاکردنەوەی ئایین و ستات دەکات و پێیوایە گونجاندنی فرەیی سەبارەت بە هەڵوێست و بیروباوەڕ لە نێو موسوڵماناندا ئەوە دەخوازێ, کە دەبێ ئیسلامیستەکان پەسندی سیستەمێک بکەن کە بنچینە لەسەر فرەیی و جوداکردنەوەی ئایین و ستات دەگرێت[xvii].
دەبێ بگوترێت سیکولاریستەکانی ئێراق کە لەبەرامبەر ئیسلامیستەکاندا هێندە بەهێز نین, پشتگیری سیستەمی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی دەکەن.
هەرچۆنی بێت, بێبڕوایی و دوژمنایەتی ڕۆژئاوا بە ڕاشکاوی هەیە ئەوجا چ لە ئێراقدا یا لە تەواوی ناوچەکەدا. بۆنمونە مرۆڤ ڕۆژانە گوێبیستی هەڵوێستی زۆر ڕەخنگرانە و دژانە بەرامبەر بە ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمەریکا دەبێت. زۆربەی میدیای عارەبی لەگەل پۆلیتیکی ئەمەریکا لە ئێراقدا ناتەبان.
بەپێی ئەو کورتە ڕوونکردنەوەیە دەتوانین بڵێین, کەوا بێبڕوایی و دڕدۆنگیەیکی گەورە بەرامبەر بە کەلتوری ڕۆژئاوا, مۆدێل و چارەسەری ڕامیاری ڕۆژئاواییانە هەیە.

---

## ئەنجام

شەریعە وەکو یاسایەکی ڕەوای یاسادانان لەلایەن زۆربەی ڕەهای ئیسلامیستەکان پشتگیری دەکرێت, بەجۆرێ گەلێ لە لیبرالیستەکانیش نایانەوێ بەیەکجاری لێی دووربکەونەوە.

سەبارەت بە گەردونبوونی پرەنسیپەکانی ئیسلام یا بڕیارە جێگیرەکانی ئیسلام, دیارە بنچینەیاساکە پێناسەیەک سەبارەت بە پرەنسیپە گەردونیەکان یا بڕیارە جێگیرەکان ناداتە دەست. وەکودیارە گەردونبوونی ئیسلام بەهەمان شێوە پشتگیریەکی بەهێزی لەلایەن ئیسلامیستەکانەوە دەکرێت. هەروەکو لە بنچینەیاساکەدا دیارە دوو جۆری ڕوانگەی گەردونی هەن. دیارە هەردووک بانگاشەی گەردونبوون و دروستی خۆیان دەکەن. ئەوانە لەلایەک وەکو چاودێر لەسەر یاساکان و لەلایەکی تر وەکو سەرچاوە بۆ یاسادانان ڕۆڵ دەبینن, ئایینی ئیسلام وەکو سەرچاوەیەکی بنچینەیی یاسادانان جەختی لەسەر کراوەتەوە. کێشەکە ئەوەیە, جودایی لەنێوان ئەو دووانەدا هەیە, ئەو جودابیەی لەلایەن گەلێ ئیسلامیستەوە دەشاردرێتەوە و پەنادەدرێت.

ئایینی ئیسلام سنوری خێڵ, ناوچە و وڵات دەبەزێنێت و زۆر جۆری خەڵک پەیڕەوی دەکەن, بەمجۆرە ئایینێکی سنوربەزێنە. ئەگەر ئیسلام ئەوە بەکاربهێنێت و داوای گەردونبوونی خۆی بکات, ئایینە سنوربەزێنەکان و ئایدۆلۆژیا سنوربەزێنەکانی دیکەش دەتوانن هەمان بانگاشە بکەن. ئەو هەوڵەی ئیسلامیستەکان ناتوانێ لەناو کۆمەڵگە ناموسوڵمانەکان پشتگیری پەیدا بکات. بۆیە ناتوانێ سنوری وڵاتانی ئیسلامی ببەزێنێت. جگەلەوەی هەموو وڵاتە موسوڵمانەکان پشتگیری ئەو ڕەوتە ناکەن.

ناوکرۆکی بە بیروباوەڕی گەلێ لە ئیسلامیستەکانەوە دیارە. ئیسلامیستەکان پێ لەسەر ڕەوایەتی گەردونبوونی پرەنسیپەکانی ئیسلام دادەگرن, لەگەڵ ئەوەی ئیسلام چ وەکو ئایین یا ئایدۆلۆژیا لە ڕاستیدا دۆکترینێکی (بیروباوەڕێکی) سنوربەزێنە و چیتر نا. واتە وەکو ئایینی کریستیانی یا بودایی, یا ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزم یا لیبرالیزم سنوربەزێنە و بانگاشەی ڕاستبوون و گونجاوی خۆی دەکات.

پرەنسیپە گەردونیەکانی UN کە ڕەخنەی لێدەگیرێت و بە کەلتوری ڕۆژئاوا تانەی لێدەدرێت, مۆرکی لیبرالیزم و ئیندیڤیدوالیزم (تاکگەرایی) بەخۆیەوە دەگرێت و ناتوانرێ بە تەواوی لە کەلتور و ڕوانگەی ڕۆژئاوایی جیابکرێتەوە. بەڵام هەروەکو هاینەر بیلەفیلد دەیڵێت, کێشەیە ئەگەر مافەکانی مرۆڤ بە کەلتور یا بڕوایەکی تایبەتەوە ببەسترێتەوە, چونکە ئەگەر وابکرێت کەواتە بنکۆری تەواوی بیرۆکەی گەردونبوونی مافەکانی مرۆڤ دەکرێت[xviii].

لەکۆتاییدا دەکرێ بڵێین هێزی دیار و پاڵپشتی سەرەکی بەرزکردنەوەی شەریعە و پرەنسیپە گەردونیەکانی ئیسلام لە بنچینەیاسای ئێراقدا هۆکەی بەکورتی دەگەڕێتەوە بۆ: باوەڕی بەهێزی ئیسلامیستەکان بە شەریعە و پرەنسیپە ئیسلامیەکان. پشتئەستوری, دەسەڵاتداری و کاریگەری ئیسلامیستەکان لە ئێراقدا. هەروەها هەبوونی بێ بڕواییەکی گەورەی موسوڵمانان بەگشتی و ئیسلامیستەکان بەتایبەتی بەرامبەر بە سیستەم و مۆدێلی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ڕۆژئاوا لە ئێراق و هەموو ناوچەکەدا.

[i] بەرنارد لویس, پرۆفیسۆری بواری ڕۆژهەڵاتی نزیک و مێژووە و لە زانکۆی پرینستۆن وانە دەڵێتەوە. Lewis ,
Bernard, (1996), “Islam and Liberal Democracy: A historical Overview”,*in Journal of Democracy* Vol. 7, No. 2. pp. 61. April 1996

Wright, Robin (1996), “Islam and Democracy: Two Visions of Reformation”, in *Journal of Democracy* April 1996, Vol. 7, No. 2. pp. 70. [ii]

Bielefeldt, Heiner (2000), ”Western” versus “Islamic” Human Rights Conceptions? A Critique of Cultural [ii] Essentialism in the Discussion on Human Rights”, *Political Theory*, Vol. 28, No. 1, 2000, pp.110.

[iv]Tibi, Bassam (2000), Post-Bipolar Order in Crisis: The Challenge of Politicised Islam, in *Millenum*: Journal of International Studies: 2000, Vol. 29 No. 3. pp. 825.

[v] Tibi (2000), pp. 850

[v] Black, Antony (1996), *The history of Islamic political thought : from the prophet to the present*, Edinburgh : Edinburgh University Press, pp. 327.

[vii] Black (1996), pp. 329-331

[viii] Qutb, Sayyid (2000), *Social Justice in Islam*. Translated from the Arabic by John B. Hardie, Translation [viii] Revised and Introduction by Hamid Algar, New York, Islamic Publications International, pp. 42, 43, 90, 94, 111, 115 og 117

[ix] Crone, Manni (2003), “Fra burqa til burger. Post-islamisme, neo-fundamentalisme”, *Kritik*, No. 162/163, 2003, pp. 61. and Black (1996), pp. 319

[x] Belefeldt (2000), pp. 105

[xi] Simonsen, Jørgen Bæk (2000), Det retfærdige samfund, om Islam, muslimer og etik, samleren 2001, PP,149.

[xii] Black (1996), pp. 10-12

[xiii] Tibi (2000), pp. 848

[xiv] Black (1996), pp. 326-327

[xv] Hamdi, Mohamed Elhachmi (1996), “Islam and Democracy: The Limits of The Western Model”, *in Journal of Democracy*, April 1996, Vol. 7, No. 2. pp. 81-85

[xvi] Asad, Talal (2003) “Redeeming the “Human” Through Human Rights”, in Talal Asad, *Formations of the Secular, Christianity, Islam, Modernity* , Standford: Standford University Press, , pp. 142

xvii Kubba, Laith (1996), “Islam and Democracy: Recognizing Pluralism,” *in Journal of Democracy*, April 1996, Vol. 7, No. 2. pp. 89

Belefeldt (2000),117[xviii]